هەرێمی کوردســـتان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتـــی دارایـی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون

Kurdistan Region – Iraq
Presidency Council of Ministers
Ministry of Finance & Economy
General Directorate of Accounting

اقليم كوردســتان - العراق
رئاســة مجلـس الوزراء
وزارة المالية والاقتصاد
مديرية المحاسبات العامة
م/ الدراسات و الابحاث و المتابعة

ژمارە: ٥/ ٤ /   ڕێکەوت: / / ٢٧١٨ کوردی   ڕێکەوت: / / ٢٠١٩ زایینی

## ڕێنمایی دارایی ژمارە ( ١ )

## بۆ/ وەزارەتی تەندروستی

## ب / ئامادەکردنی خواردن

---

پاڵپشت بە نووسراوی بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە / ٣٥٨٣ لە ٢٠١٨/٧/٢٤ و بە مەبەستی دابین کردنی خواردن بۆ (کارمەندان و نەخۆشەکان) لە نەخۆشخانەکان پێویستە ڕەچاوی ئەم میکانیزمەی خوارەوە بکرێت:-

**یەکەم // خواردن**

١- بڕی دابین کراو بۆ (٣) ژەم بۆ کەسەکان .

| | |
|---|---|
| أ– لە (١) کەس تاکو (١٥٠٠) کەس مانگانە | لە (٦٥٠٠) دینار تێپەڕ نەکات بۆ (٣) ژەم ڕۆژانە |
| ب- لە (١٥٠١) کەس تاکو (٣٠٠٠) کەس مانگانە | لە (٥٠٠٠) دینار تێپەڕ نەکات بۆ (٣) ژەم ڕۆژانە |
| ج- لە (٣٠٠١) کەس بەسەرەوە مانگانە | لە (٤٠٠٠) دینار تێپەڕ نەکات بۆ (٣) ژەم ڕۆژانە |

٢- بڕی پارەی دیاری کراوی سەرەوە بۆ (٣) ژەم خواردنە بۆ تاکە کەسێك (کارمەند یان نەخۆش ) .

٣- بڕەکانی سەرەوە بەرزترین ڕادەن .

٤- دابین کردنی خواردن بەپێ ی لیستی زانستی ئامادەکراوی هەفتانە وەرزی دەبێت کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکان ئامادە دەکرێت .

٥- دابین کردنی خواردن لە ڕێ ی کەمگەری و بەپێ ی ڕێنمایی ژمارە (٢) ی گرێبەستە گشتییەکانی ساڵی / ٢٠١٦ ی وەزارەتی پلان دانان دەبێت و کەمگەرییەکە لەسەر بنەمای خشتەی بە نرخەوە بێت واتە (کشف مسعر) و بەڵێندەران نرخی بە شێوەی یەك ڕێژە لەسەر گشت نرخەکان پێشکەش بکات .

٦- لە کاتی ئەنجام دانی گرێبەست لەسەر بنەمای پۆلینێکی سەرەوە پاش ڕێکارە پەیرەو کراوەکان ئەگەر لە مانگێکدا ژمارەکە زۆرتر بوو ئەوا بۆ ژمارەی زیاترەکە پێویستە کار بە پۆلینی سەرەوەتر بکرێت بۆ نموونە :-

* ئەگەر گرێبەست لەسەر بنەمای (١٥٠٠) کەس بێت ، ئەوا بۆ ژمارە زیادەکەی دەگەڕێنەوە سەر بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار لە جیاتی بڕی (٦٥٠٠) شەش هەزار و پێنج سەد دینار .

٧- لە پاش ئەنجام دانی پرۆسەی تەندەرین و گرێبەست پێویستە بە نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی وەزارەتمان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بکرێت بە مەبەستی پەسند کردنی و خەرج کردنی .

Hawller/ Beside Sami Abdulrahman Park
Phone: 2560068-2560069-2528254

٢٠١٩/١/٦ سهام
Email: gd_finance@yahoo.com

هەولێر/ تەنیشت پارکی سامی عبدالرحمان
تەلەفۆن : ٢٥٦٠٠٦٨ – ٢٥٦٠٠٦٩ – ٢٥٢٨٢٥٤

**دووەم //** ئەو گرێبەستانەی کە لە ساڵی دارایی / ٢٠١٨ جێ بەجێ کراون تاکو کۆتایی هاتنی گرێبەستەکە هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە و بۆ ساڵانی دواتر وەزارەتی ناوبراو بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتمان کاری لەسەر دەکەن .

**سێ یەم //** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١/١ ەوە جێ بە جێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە .

بۆ ئاگاداریتان و کارپێ کردنی.. لەگەڵ ڕێزدا .

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

وێنەیەك بۆ/

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان - عێراق .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ ف ـ ك ـ کارگێری و دارایی/بۆ ئاگاداریتان ...لەگەڵ ڕێزدا .
- وەزارەتی داد / بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان / بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی ... لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجوومەنی دادوەری .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- دەستەی دەسپاکی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی .. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری / بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت بەوەکالەت/ بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی ڕاوێژکاران لە دیوانی وەزارەتمان.. بۆ ئاگاداریتان ... لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی سەر بە وەزارەتمان / بۆ گشتاندنی ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ چاودێری و پشکنینی دارایی .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ ب ـ ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان .. بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم/ هەولێر/ (١و٢)ی سلێمانی/ دهۆك/ گەرمیان/ سۆران/ ڕاپەرین/ ئاکرێ/ کۆیە/ زاخۆ/ چەمچەماڵ / ئامێدی /هەڵەبجە بۆ زانین و کاری پێویست .
- گشت بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیمان .
- بەڕێوەبەرایەتی / دیراسات و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون .
- دۆسیەی سوڕاو .